بەلگەنامەکانی پەسەندکراوی کونگرەی پینجەمی حیزبی کومونیستی ئیران

# بەرنامەی حیزبی کومونیستی ئیران

سەرمایەداری، وەك نزامیکی بەرهەم هینان کە بەریچوون و گوزرەانی ئینسان و، مەیدانی گەشە و پەرەگرتنی کومەڵگای ئینسان لە سەراسەری جیهان هیناوەتە ژیردەسەلاتی خۆی، لە دریژەی پەرەگرتنە جیهانیەکەی وئال و گۆرە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگای ئیراندا، لەرەوتیکی گەشە و تەکامولی دەیان سالەدا، بەرەبەرە هەموو بوارەکانی بەرهەم هینان، و کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگی ی ئەم کۆمەڵگایەشی هینایە ژیر دەسەڵاتی خۆی. بەم جۆرە، کومەڵگایەك کە بەشیوەی سەرەکی کشت وکالی تیدا دەکرا و زۆربەی خەڵکەکەی دانیشتوی دیهات بوون، جیگای خۆی دا بە کۆمەڵگایەکی شارنشین کە بەشی هەرەگەورەی پیداویستیەکانی، لەشار و لەبەرهەم هێنانی ماشینی و کارخانەیی داین دەبی. ریفورمی دەیەی چل، کە لەژیر دەسلاتداریەتی رژیمی شادا لە ئیران بە پاریزەوە و لەبان سەری خەڵکەووە بەرێوە چوو، بەشێك بوو لە کومەلێك گەڵالە و هەنگاوی لەو چەشنە کە هەر لەو دەورەیەدا لە شوینەکانی تری جیهانیش، بە رێنوینی سەرمایەداری ئەمپریالیسیتی و بۆ وەڵامدانەوە بەپێویستیەکانی سەرمایەداری جیهانی وپیویستی یەسیاسی وئابۆوری و کمەللایەتیە توندو تیژەکانی ئەو کومەڵگایانە، بەرێوە دەچوو.

ئەم ریفورمە سەرەنجام بە هەلوەشاندنەوەی قانوونی نیزامی دەرەبەگایەتین زەمینەی بۆ پەرەگرتنی هەرچی زیاتری بازاری ناوخۆوو سەرمایەدارانە کردنی بەهەرهەم هینان ئامادە کرد. میلیونەها گوندنشینی بی زەوی "ئازاد" بوو، بەشوین کاردا روویان کردە شارەکان و، بەمە وە، جەمعییەتی کریکاری لەبەچشی بەرهەم هێنانی سەنعەتی دا چەند بەرابەر زیادی کرد. ئەم رەوتە سیمای کۆمەلگای لەماوەی دەسالدا گۆری تو بنەیەکجاری حوکمی سەمایەداری بەسەر بەشە جورابجورەکانی ژیانی تەولیدی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی دا زال کرد.

داهاتی نەوت، رەوتی لەبەریەك چووین پەیوەندی دەرەبەگانە و پەرەگرتنی پەیوندەگاین سەرمایەداری گورجتر کردەوە و، بەم جۆرە کومەڵگای ئیران زیاتر لە جاران کەوتە ناو گەردوونەی پەیوەندەکانی سەرمایەداری جیهانی. داهااتی نەوت، نەك هەر خوینبایی لە بەریك چوونی شیوازی کومەڵاتی کونی دا بە ملکداران و ئەشراف، بەڵکوو خەرجی تازەکان و پەرەگرتنی دەوڵەتیکی مودیرنیشی داین کرد. داهاتی نەوت توانایی ئەوەی بەدەوڵەت بەخشی کە ویرای پاریزگاری لە بەرژەوەندەکانی چینی دەسەڵاتدار، خۆی کونترولی بەشە سەرەکیەکانی ئابووری وڵاتیش بەدەستەوە بگری و بە وەرگرتنی بەشیکی گەوەری هیزی کاری وڵات لە ئیدارەکان و

کارگا دەوڵەتی‌یەکاندا، لەهەمان کاتدا ببیتە گەورەترین خاوەنکار. ئەم دەور و نەخشە، هەتا ئەمروش درێژی بووە.
هەلوەشاندنەوەی نیزامی دەرەبەگایەتی، هەموو کوسپە کومەلایەتی وئابووریی‌یەکانی لە سەرریگای هاتنە مەیدانی هیزی کار، بەشیوەی قانوونی لابرد و، رەونەقی بازاری ناوخۆ هەل ومەرجیکی لەباری بۆ چەوساندنەوەی کریکارانی "ئازاد" پێکهنا و، بەم جۆرە لەسەر زەمینەی ریفوریمی دەیە چل ، هیزی کار وەك کالایەك، بە بەرینایی‌یەکی روژ بەرۆژ زیاتر هاتە ناو بازاری سەرمایەداری رووله پەرەگرتنی ئیران.
گەشەی سەرمایەداری لەئیران، زۆر نەریت و سوننەت و داب و دستووری ژیانی کون و بینای پرتووکاوی کومەلگای کونی تیکدا و، زانست وتکنیکیشی هینایە نێو مەیدانە جوراوجۆرەکانی ژیان کومەلایەتی. بەلام ئەم ئال و گورە قوولە کومەلایەتی‌یە نەك هەر مەودای نیوان چینەکانی لە کومەلگای ئیراندلا کەم نەکردەوە و، برینی ژیانی بەئیش و ئاوزاری ئینسانەکانی ساریژ نەکرد، بەلکوو بەرینایی و ئەژماری مەینەتەکانی ژیانی زیاتر کرد و کەلینی نیوان دارا و نەدارەکانی قوولتر کردەوە.
بەچوونەسەری خەرجی بەریچوون و، پەرەگرتنی بیکاری و هاتنە خوارەوەی ئاستی هەقدەستە واقیعی‌یەکان، لە سالانی ناوەراستی دەیەی پەنجادا، ژیانی چینی کریکار زیاتر لە رابوردوو رووی لە دژواری کرد و خەباتی کریکاران لە ناوەندە سەرەکی‌یەکانی بەرهەم هینان و سەنعەت دا بو دیفاع لە ئاستی بەریچوون و بۆ باشبوونی وەزعییەتی ژیانی خۆی پەرەی گرت.
کۆمەلانی کرێکاری لە دیهات هەلکەندراو، لە حاشیەی شارەکان بۆ پەنایەکی حەوانەو دەگەران و، بەردەوام ژمارەی ئەم حاشیەنشینانە کە شارەگەورەکانیان دەورەدابوو، زیادی دەکرد. ئەم خەلکە لەو پەری مەینەت دا دەژیان و لەهەمان کاتدا شاهیدی نازونیعمەت و ژیانی ئەفسانەیی چیینەداراکان بوون. ئەوان لە حالیکدا کە سەرچاوەیەکی سەرشاری هیزی کاری هەرزانیا خستبووە بەردەستی سەرمایەدارای ئیران، ناوەندی تازەی ئیعترازیشیان لە دژی دەولەت بەویست و داخوازی تایبەتی خویانەوە پێك هینابوو.
پەرەگرتنی بوروکراسی دەولەتی و زیاد بوونی دەخالەتی پولیس لە ژیانب خەلکدا، ملهوری و سەرەرویی دەزگا و ئەمنییەتی‌یەکان ،، سەرکوتکردنی هەرچەشنە نارەزایەتی دەربین و مانگرتن و دەنگیکی ئازادیخوازی و حەقخوازی، سانسوری توندوتیژو، زەوت کردنی ئازادی‌ی بەیان و قەدەغەکردنی هەرچەشنە هەلسورانیکی سیاسی و سنفی سەربەخۆ لە دەولەت، کاسەی سەبری جنماوری لیوان ریژ دەکرد و، هەل ومەرجی بو تەقینەوەی توورەیی خەلك بەشیوەیەکی رۆژلەرۆژ زیاتر ئامادە دەکرد.

لەسەر زەمینەیەکی ئاوا، دەوڵەتیك کەخۆی سەرچاوە و بەریوەبەری زۆر لە سال وگورە فەرهەنگی و کومەڵایەتیەکانی هاوچەرخ بوو، هەر بەهۆی ئەو ئال و گورانەوە، مەشروعییەتی سیاسی ومەقبوولیەتە کومەڵایەتیەکەی چووە ژیر پرسیار. لە درێژەی ئەو رەوتەدان جەماوەری خەڵك بەهیوای وەدەست هینانی ئازادی وکوتایی هینان بە رەنج و مەینەتەکان و بێبەشیەکانیان ، راپەرین ، شەپولی شورش سەرتاسەری ئیرانی داگرت و دەزگای دیکتاتووری پاشایەتی تیك شکیندرا.

بەڵام ئەم شورشە لە هەل ومەرجیکدا رووی کردە پەرەگرتن کە ریکخراوەی جەماوەری کریکاری لە مەیدان دا نەبوون، رەوتیکی بەهێزی سوسیالیستی لە مەیدانی سیاسی ئیراندا حوزووری نەبوو، ریکخراوە چەپەکانی ئەوکات لەبواری ریکخستی کریکاران و جەماوەریدا وهەروەها لە مەیدانی سیاسیی کومەڵگاش دا دەوریکی سەربەخویان نەگیرا و، هەندیك لەو ریکخراوانە پەیرەوەیان لە هیزە کوهنەپەرستە مەزهەبیەکان کرد. بورژوازی لیبرالیس کەلە قوول بوونەویە شورش نیگەران بوو، هەر چوو لاشانی ئەو رەوتە لە نیو بزووتنەویە گشتیدا. لە هەل ومەرجیکی ئاوادا روحانیەتی شیعە و جمهوری ئیسلامی بوونە ئالترناتیوی هیزە ئەمپریالیستیەکان و بورژوازی ئیران بۆ نەجاتی سەرمایەداری لە بوحرانی شورشگیرانە. جمهوری ئیسلامی بە لاگیرەوەی نیزامی سەرمایەداری ئیران بوو لە بەرانبەر شورش دا و، وەسیلەی پاریزگاری لەو نزیامە بوو لە هەل و مەرجی بوحران دا. ئەم رژیمە بە دەسەلات گەیشت هەتا لە ژیر ئالای حکوومەتی ئیسلامی دا، هەل ومەرجی لەبار بۆ کەڵەکە بوونی سەرمایە سەرلەنوی فەراهەم کاتەوەو، لە هەمان کاتدا لە چوارچیوەی ستراتیژی ئەمپریالیزمی رۆژئاوادا، ئیران هەروا وەك لە مپەریك بەرانبەر بە پەرەگرتنی نفووزی شوورەوی پیشوو، لە ناوچەکەدا رابگری.

دەزگای سەرکوتگەری دەوڵەت بەتەوای زیندوو کرایەووە و تەیارکرا وپەرەی پیدرا. دەسەڵاتی سیاسی لە چنگ شورش پاریزرا، شورش هەر لە شەوی راپەرین دا خنکیندرا و، کونەپەرستی هار و درندە لە پەردەی شورشدا دەزگای سەرکوت و خەفەقان و وەحشەتی ساز کردەوە. جەماوەری خەڵك چاوترسین بوون و روویان کردە خاموشی و، جاریکیتر ئارەزووی لە میژینەی رزگای و ئازادی خەڵکی زەحمەتکیش بەبا چوو. ئەمجار رژیمی جمهووری ئیسلامی شەری هەشت سالەی خەباتی شورشگیرانە و بەریزکردنی چینە داراکان لە پشت سەری خۆی و، بۆ وەدی هینانی ئامانجی پان ئیسلامیستی و وەدەست هینانی دەوری سەر کردەیی، ناوچەکەدا، هینایە خزمەت خۆی و تەنیا کاتیك کە هەرەشەی ئاخیزیکی جەماوەری، وەك مەترسیەکی راستەقینە خۆی نیشاندا، هاتە بواری ئاشتی.

لە ئیرانی سەرمایەداری ژیر دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامیشدا کەلین تو کالەبەری چینایەتی لە نیو کومەڵگا دا رۆژبەرۆژ قوولتر بوونەوە و سەروەت و سامانی زوروزەبەند لەسەر هەژاری لە

رادەبەدەر کەلە کە بووە. ئاسایش و ئاسوودەیی چینە داراکان بە قیمەتی نائەمینی و بی دەرەتانی کومەڵایەتی زۆربەی دانیشوانی کومەل، یانی کریکاران، وەدی هاتوە. ئیستا ئیتر کومەل بووەتە مەیدانی رووبەروو وەستانەوەی دوو چیی سەرەکی کومەلایەتی، یانی جەماوەری بەرینی کریکارانی کریگرتە ( چ ئەوانەی کاریان هەیە و چ ئەوانەی بیکارن) و، سەرمایەداران دەوڵەتی سەرمایەدار. ئەم راستییە لە هەمیشە ئاشکراتر بووە کە چینی کریکار هیزی سەرەکی دەبی لە هەر ئال و گوریکی سیاسی داهاتوو لە ئیرانی هاوچەرخ دا.

حیزبی کومونیسیی ئیران وەك حیزبکی مارکسیستی، بۆ کوتایی هینان بەدەسەڵاتی سیاسی و ئابووری چینی سەرمایەدار، دامەزراندنی حکوومەتی کریکاری و بنیات نانی کومەلگایەکی سوسیالیستی خەبات دەکا. کومەلگایەك کە کوتای هینان بە چەوسانەوەی ئینسان بەدەستی ئینسان، لە ناوچوونی دەوڵەت و هەموو کولە کە و بناغەکانی، لەویوە تیپەر دەبی، ئامانجی نیهایی ئیمە گەیشتن بە کومەڵگایە کە کەتیدا ئازادی و ئاسوودەیی گشتی، جیگای دیلیەتی و بێعەدالەتی و بێبەشی دەگریتەوە و دەرفەتی یەکسان بۆ گەشە و شکوفایی خەلاقییەتەکان و، بەرز بوونەوەی ئینسان فەراهەم دەبێ. کومەڵگایەك کە تییدا هەرکەس ئەوەندی لە توانای دایە کار دەکا و ئەوەندەی پیویستیەتی لە نیعمەتەکانی ژیان بەهرەمەند دەبێ و، تییدا دەوڵەتیك نیە کە لەسەر سەری کومەل راوەستی و بەندی دیلیەتی یەکەیەکەی دانیشتوان لە رابوردووی چەوسانەوە و ستەم و خورافەپەرستی و جەهل، گری بدا.

لە روانگەی ئێمەوە سوسیالیزم، مەسەلەیەکی پەیوەست بە داهاتوویەکی نادیار و دوورە دەست نیە، بەڵکوو زەمینە وتوانایی و ئیمکانە کومەلایەتی وئابووریيەکەی، لە جەرگەی نیزامی سەرمایەداری ئیراندا پیکهاتوە و، وەدی هاتنی، بەهیزی وشیاری و ریکخراوبوون و خەباتی چینی کریکار مومکین دەبێ. ئیمکاناتی ماددی و سامانی زۆرو زەبەندەکانی کومەڵگای ئیران و هاوپشتی ی جیهاین کریکاری، زامنی دەوام و پایەداری ئەو نیزامە دەبی.

لە هەل ومەرجی ئیستادا ئەو خەباتە لە ریگای رووخاندی جمهووری ئیسلامیيەوە دریژە پەیدا دەکا و، لە دەسەلات خستنی ئەم نیزامەی سەرکوت وخەفەقان لە ئیران، ئامانجی راستەوخۆی شورشی کریکاری پێك دینی. بەڵام لە هەل ومەرجیکدا کە هیشتا نیزامی سەرمایەداری لە سەرکارە، حیزبی کومونیستی ئیران ویرای بەریوە بردنی خەباتی بیوچان و پەیگیر بو دامەزراندنی سوسیالیزم و پیکهینانی کومەڵگای کومونیستی، ساتیك لە خەبا بۆ پیکهینانی ئال و گوری سیاسی و ئابووری کومەڵایەتی و، فەرهەنگی پیشرەو و پیشکەوتنخوازانە بۆ باش کردنی هەل و مەرجی ژیانی کومەڵگا و ئەوشەینەی تییدا ژیان بەسەر دەبەین، لە چوار چیوەی هەر ئەم نیزامەشدا، دەست هەلناگری. وەدیهاتنی ئەم داخوازانەی لە هەمان کاتدا هەل و مەرجی لەبار بو

شورشی کریکاری و سوسیالیزم پیك دینی. کەوایە حیزبی کومونیستی ئیران هەر لە ئیستاوە بۆ وەدی هینانی ئەم داخوازانە خەبات دەکات.

## شوواکان ودەسەلاتدارەتی خەڵك

ئەزموونی سەراسەری جیهان و هەروەها ئەزموونی ئیران بەباشی سەلماندویەتی کە دیموکاسی پارلمانی، لەودیوی روالەتی ریاکارانەی، هەمیشە وەسیلەیەك بووە بۆ ئەوەی بەکردەوە، ریگای دەخالەتی کاریگەری کریکاران و کومەلانی خەڵك لە چارەنووسی خویاندا بەربەست بکا. لە روانگەی ئیمەوە نیزامی شوورایی باشترین و گونجاوترین وەسیلەی دەخالەتی هەموو ئەندامانی چینی کریکار و کومەلانی خەڵك ، وەك قانوون دانەر و بەریوەبەری قانوون، لە بەڕێوە بردنی کومەڵ دایە. لە هەل ومەرجیکدا کە پیشکەوتین تکتولۆژیك، زیاتر لە هەموو زەمان و سەردەمیکیتر، پەیوەندییەکانی پەرەپیداوە و، ئیمکانی وەدەست هینانی زانیاری ی لە هەموو بوار و زەمینەیەکدا بۆ هەموان فەراهەم کردوە، نیزامی شوورایی، کاری دەخالەتی راستەوخۆی کریکاران و کومەلانی خەڵك لە بەڕێوەبردنی کاروباری کومەڵدا، زیاتر لە جاران ئاسان دەکاتەوە. ئەم نیزامە دەتوانی ریگای دامەزرانەوەی شورش و جەماوەری راپەریو و بیانکاتەوە بە تەماشاچی و بینەری بێدەسەلاتی شانوی سیاسەت، بەربەست بکا.
شوورا ناوچەیییەکان، شووراکان نوینەران لە هەموو ئاستەکاندا و، کونگرەی سەراسەری نوینەرانی شوراکان، وەك بەرزترین ئورگانی دەسەلاتداری ولات، بینای دەسەلاتی سیاسی دادەریژن و، دەرفەت و ئیمکانی راستەقینە بۆ بەشداری ی کریکاران و هەمووو خەڵك لە بەڕێوە بردنی کاروباری کومەلچ و بەدەستەوە گرتنی چارەنووسی سیاسی ئابووری خویاندا، فەراهەم دەکەن.

## هەلپیچرانی دەزگای بوروکراسی بان سەری خەلك

بەشداری راستەوخۆی خەلك لە بەریوە بردنی کاروباری ولاتدا، هەلبژاردەبوونی هەموو کاربەدەستانی ئیداری و سیاسی ولات لە لایەن خەڵکەوە و، ئیمکانی لەسەر کار لاچوونیان هەرکات زۆربەی دەنگدەران بیانەوەی. ئەو کەسانی بەم جۆرە دەبنە کاربەدەست، ئەو پەرەکەی بەقەد کریکاریکی شارەزا مووچە و مانگانەیان پی دەدری. دانیشتوان ماف ئەوەیان هەیە لە دژی هەرکاربەدستیکی دەولەتی لەلای دادگا ئاساییەکان شکایەت بکەن.

هەلبژاردەبوونی قازی‌یەکان و هەموو کاربەدستانی قەزایی، ئیمکانی وەڵانانیان هەر کات زۆربەی دەنگدەران بیانەوی، قەدەغە بوونی پیکهاتنی هەرچەشەن دادگایەکی تایبەت و، بەئاشکرا بەریەوە چووین هەموو دادگایی کردنیك.

## هەلوەشانەوەی ئەرتەش وهیزە چەکدارە پیشەیی‌یەکانی‌تر

ئەرتەش، سپای پاسداران و هەموو دەزگا سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی دەبی هەلوەشیندریتەوە. ئامانجی نیهایی ئیمە هەلوشانەوەی هەموو هیزە چەکدارە پیشەیەکانە. بەڵام لە هەل و مەرجیکدا کە هیشتا دەزگای ئەرتەشی پیشەیی بە تەواوی لە ناو نەچووە، ئیمە خوازیاری ئەوەین کونترول و فەرماندەیی بەرزی ئەو دەزگایە لە لایەن کونگرەی سەراسەری شووراکانەوە بکری و، هەروەها بو دیموکاتیزە کردنی هەمەلایەنەی پەیوەندە ناوخۆیەکانی ئەرتەش خەبات دەکەین. ئێمە خوازیاری ئەوەین ئەرتەشی بە هیچ شیوەیەك لە کاروباری ناوخۆی وڵاتدا دەخالەت نەکا و، ئەو دەزگایە تەنیا دەزگایەکی دیفاعی دەبی نەك پەلاماربەر.

## مافەکان وئازادی‌یە فەردی وسیاسی و کومەڵایەتی‌یەکان

1_ ماف دەنگ دانی گەشتی، بەرابەر، راستەوخۆ و نهینی بۆ هەموو کەسانی تەمەن لە 16 سال بەرەو ژوور بەبی لە بەرچاو گرتنی جنسییەت، پەیوەندی مەزهەبی، میللی قەومی و عەقیدەتی سیاسی، ماف هەموو کەسیکی تەمەن لە 18 سال بەرەو ژوور بۆ هەلبژیردران بۆ هەر دەزگا وبنکەیەکی نوینەرایەتی.

2_ ئازادی بی قەیدو شەرتی سیاسیی، ئازادی پێکهینانی حیزب و هەڵسوورانی سیاسی، ئازادی عەقیدە و راگەیاندنی، ئازادی دەربرین وچاپەمەنی، ئازادی کوبوونەوە، خوپیشاندان، مانگرتن، پەناگرتن، پیکهینانی سەندیکا و هەرچەشنە ریکخراویکی سنفی و سیاسی، پیکهینانی سەندیکا و هەرچەشنە ریکخراویکی سنفی و سیاسی، پیکهیناانی دەرفەت و ئیمکانی دەست راگەیشتنی هەمووان بە دەزگاکان راگەیاندنی گشتی و بڵاوکراوەکان و شەبەکەکانی رادیو و تلویزیون، هەلوەشاندنەوەی هەرچەشنە سانسوریك.

3_ جیاتی مەزهەب لە دەوڵەت، هەلوەشاندنەوەی بێ ئەم لاوئەولای:

هەرچەشنە ئمتیاز وهەڵاواردنیك لە شوغلە دەولەتی‌یەکاندا و، لە مافەکانی دانیشتواندا بە پیی مەزهەب و پلەوپایەی مەزهەبی، یان بەپیی بروا و بی باوەری‌یان بە مەزهەب.

دانی یارمەتی مالی و غەیرە مالی دولەتی بە هەلسوورانی مەزهەبی و دەزگا مەزهەبی‌کان، ماددەی دەرسی و رەسم و داب و دەستووری مەزهەبی لە مەدرەسەکان وناوەندە دەولەتی‌یەکان خویندن.
هیچ مەزهەبیك بە مەزهەبی رەسمی ولأت دانانری، مەزهەب بە مەسەلەی خوسووسی کەسەکان دادەنری و هەموان لە هەلبژاردنی هەر مەزهەبیك و لەوەدا کە هیچ مەزهەبیکیان نەبێ ئازادن.
4_ بەرابەری کاملی مافە قانوونی‌یەکانی هەموان بەبی لەبەرچاو گرتنی مەزهەب و مەرام و بیروباوەری سیاسیی، نەهیشتنی هەرچەشنە هەلأواردن و کوسپیکی قانووین بۆ کەسەکان بە پیی مەرام و بیروباوەری سیاسی یان.
5_ ئازادی هەلبژاردنی شوغل و شوینی نیشتەجی بوون، پاریزراو بووین قانوونی هەرکەسیك و شونی نیشتەجی بوونی، هەلوەشاندنەوەی هەموو ئەو بریار ویاسایانە کە ریگا بە دەخالەتی پولیسی لە ژیانی کەسەکاندا دەدەن و، هەلوەشاندنەوەی هەموو ئەو دتام ودەزگایانە کە بەریوە بەری ئەم جورە بریار و یاسایانەن. ئازادی سەفەر ومانەوە لە هەموو شوینەکانی ولأت وئازادی سەفەر بۆ دەرەوەی ولأت بۆ هەموو کەس.
6_ ئیران ولأتیکی "موهاجیر" وەرگرە. لە ئیران پەنابەرانی سیاسی بەبێ قەیدوشەرت وەردەگیرین. هەر کاریکاریکی موهاجیر و هەر پەنابەریك ئەگەر خۆی بیهەوی دەتوانی تابعییەتی ئیران وەربگری و، ئەگەر خۆشی نەیویست، لەو حالەتەشدا لەماف کامل و بەرابەر لەگەلْ باقی دانیشتوانی ئیران بەهرەمەند دەبی.
7_ ماف چاوەدیری خەلْك بەسەر سیاسەتی دەرەوەدا، هەلوەشاندنەوەی هەرچەشنە دیپلوماسی‌یەکی نهینی، سەلماندنی بەرابەری مافەکانی هەموو میللەتان، پشتیوانی لەهەر بزووتنەوەیەکی کریکاری، سوسیالیستی وئازادیخوازانە لە سەراسەری جیهان.
8_ گونجاندنی حوکمی هەلوەشاندنەوەی سزای ئیعدام لە قانووین ئەساسی ولأتدا.

## نەهیشتن وهەلوەشاندنەوەی هەلأواردنی ژنان، بەرابەری ژن و پیاو

حیزبی کومونیستی ئیران بۆ دابین کردنی بەرابەری کاملی ژن و پیاو لە هەموو مەیدانەکانی ژیانی سیاسی، ئابووری و کومەلأیەتی و خانەوادەیی‌دا خەبات دەکا و لە پیناو ئەوەدا، خوازیاری وەدی هاتنی دەس بەجیی ئەم خالانەیە.
مافە کومەلایەتی وسیاسی‌یەکان
ژنان و پیاوان دەبی بە یەکسانی لە ماف هەلبژاردن و هەلبژیردران بۆ هەموو دام و دەزگایەکی قانوونی دانان، قەزایی و ئیجرایی لەهەموو ئاستیکی سەراسەری و ناوچەیەدا بەهرەمەندبن.

هەموو ئەو قانوون و بریارانە کە ئازادی ژنان لە جل وبەرگ و پوشین دا بەرتەسك دەکەنەوە، وەك قانوین حیجابی زۆەملی، هەلدەوەشیندرینەوە. هەموو بریاریکی پەیوەندیدار بە جیا کردنەوەی ژنان و پیاوان لە کوبوونەوەکان، مەدرەسەکان و دانیشگاکان، شوینە گشتیەکان و وەسیلە گشتیەکان هات و چو، هەلدەوەشیندریتەوە. هەرچەشنە هەلاّواردنیك بە پیی جنسیسەت لەزەمینەی فیرکردن و بارهینان‌دا، هەلدەوەشیندریتەوە. کلاسە دەرسییەکان لە هەموو ئاستکی خویندن دا دەبی تیکەل بیَ. ژنان ماف ئەوەیان هەیە لە هەمو رشتەیەکی وەرزشی، هونەری زانیستیدا بەشداری بکەن و دەبی لە هەموو ئیمکاناتیك لەم زەمینانەدا بەهرەمەند بن.
ژنان دەبی لە قورسایی کاری ناومال نەجاتیان بی و بەشداریان لە ژیانی کومەلاّیەتیدا دەبی ئاسان بکریتەوە و بۆ ئەم مەبەستە بنکە و دامەزراوەی خزمەتگوزاری تایبەت، وەك: شیر خورگە، باخچەی منالان، جلشورخانە، و هیتر، لە گەرەکەکان و شوینەکانی نیشتەجی بوون، بە خورایی بخریتە بەردەستی هەمووان.

## _مافە ئابووریەکان

بەرابەری کاملی ژن و پیاو لە کارکردن دا، دانی حەقدەستی یەکسان بۆ کاری یەکسان بەژن و پیاو، بیمەی کومەلایەتی ی یەکسان بۆ ژنان و پیاوان. بەهرەمەند بوون لە ماف دوو رۆژ مولەتی مانگانە بۆ ژنانی لەسەرکار، قەدەغە بوونی ئەسپاردنی هەرچەشنە کاریکی زیانبەخش بە ژنانی دووگیان. قەدەغەبوونی دەرکدنی ژنانی دووگیان بە هەربیانوویەك. خولادان لە دامەزردانی ژنانی دووگیان و ژنانی مندالەبەرن ناقانوونیە و بە تاوان دادەندری.
قەدەغە بوونی دەس نیشان کردنی جنسییەت لە ئاگاداری و راگەیاندنەکانی دامەزراندن وخویندن دا (مەگەر بە دەگمەن و لەکاتی پیویست دا کە قانوون دیاری دەکا)

## _مافەکانی ژن لە خانەوادەدا

ئازادی لە ژن هینان و شووکردن و هەلبژاردنی هاوسەردا. قەدەغە بوونی هەرچەشنە معامەلەگەریەك وەك شیربایی، مارەیی، جیاواز وشتی لەم بابەتە لە هاوسەریتیدا. بەرەسمییەت ناسینی هاوسەریتی کاتیك لە دەفتەرە دەولەتیەکاندا تومارکرابی، قەدەغە بوونی سیغە و چەندژنە. بەرابەری مافەکانی ژن و پیاو لە جیابوونەوە و سەرپەرستی مندالاندا. قەدەغەبوونی هاوسەریتی ژنان و پیاوانی تەمەن لە 18سال کەمتر. ئەو کەس و مەرجەعە مەزهەبیانە کە کەسانی تەمەن لە 18 کەمتر مارە دەکەن، بەتاوانبار دادەندرین. قەدەغە بوونی پیکهینانی

پەیوەندی جینسی‌ی کەسانی تەمەن لە 18 ساڵ بەرەوژوور لەگەڵ کچان و کوڕانی تەمەن لە 16 ساڵ کەمتر. ژن و پیاو دەبی لە ماف و مەسئوولییەتی تەواو یەکسان و بەرابەر لە حاست یەکتر، لە حاست منداڵان و لە هەموو لایەنەکانی ژیانی خانەوادەیی‌دا بەهرەمەند بن شوینی ژیان دەبی بە رەزامەندی‌ی هاوبەشی هەرتك لا هەڵبژیردری ئەو قانوونە کە تەنیا مافێ پیاوان لە دیاریکردنی شوینی نیشتەجی بووندا بە رەسمی دەناسی، دەبی هەلوەشیتەوە مافێ ژنان بۆ کارکردن و سەفەر کردن نابی ببەستریتەوە بە ئیجازەی میرد.
هەموو ئەو یاسا شەرعی و عورفی‌یانە کە لەژیر ناوی پاراستنی نامووس دا، تاوانی ئەو کەسانە سووك دەکەن کە لە دژی ژنان دەستیان داوەتە جینایەت، دەبی هەلوەشیندرینەوە بۆ ئەو تاوان و جینایەتانە کە لەلایەن باوك، برا، میرد، یان هەرکەسیکی‌ترەوە بەرانبەر بە ژنان، لە ژیر ناوی پاراستنی نامووس و ئەم جۆرە شتانەدا بە ریوە دەچی، سزای قورس دیاری دەکری، هەرچەشنە هەلاواردن و نابەرابەری‌یەکی نیوان ژن و پیاو لە قانوونەکانی پەیوەندیدار بە میرات و دابەشکردنی مال و دارایی‌یەکاندا و، ئیمتیازاتی قانووزی‌ی پیاوان و بنەماڵەی باوك لە مەسەلەی سەرپەرستی‌دا، هەلدەوەشیندریتەوە ژنان و پیاوان دەبی بەیەکسان لە مافێ جیابوونەوە بەهرەمەند بن قانوون دەبی لە کاتی مەیلی هەرکام لە دوو لایەنەکە، چ ژن چ پیاو، جیا بوونەوەیان بە رەسمی بناسی مافەکانی دایکایەتی، دەبی بە جیا لە هاوسەریتی بە رەسمی بناسرین ئەو ژنان کە بە بی هاوسەریتی منداڵیان دەبی، دەبی لە هەموو مافە و کۆمەڵایەتی‌یەکانی دایکایەتی بەهرەمەند بن منداڵەکانیشیان دەبی خاوەنی هەموو مافە کۆمەڵایەتی‌یەکان بن پەیوەندی خوسووسی‌ی ژن و پیاو حورمەتی رادەگیری و دەبی لە هەموو دەسدریژی‌یەك پاریزراو بی دەخالەتی کەسان و دام و دەزگا دەوڵەتی‌یەکان لە ژیانی خوسووسی‌ی ژن و میرد دا بە شیوەی ئەکید قەدەغەیە.

## لەبار بردن

کۆمەڵگای سەرمایەداری تەنیا دوو ریگا دەخاتە بەرپیی ئەو ژنانە کە بە نادلخواز دووگیان دەبن، لە ناو بردنی کورپەکە، یان ملدان بە هەل ومەرجی دژواری رووحی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەگەر بیانەوی کۆرپەکە بپاریزن هەژاری و، نەبوونی توانای دابین کردنی ئیمکاناتی ژنان و بەریچوونی منداڵان، نەبوونی توانای دابین کردنی ئیمکاناتی ژیان و بەریچوونی مندالان، ئەو کۆسپە واقیعی و عەمەلی‌یانە کە بوونی منداڵ و بە خیوکردنی و پەروەردە کردنی دەیخاتە سەرریگای بەشداری‌ی ژنان لە ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووریدا و، گیروگرفتە کۆمەلایەتی‌یەکانی منداڵ بوون بۆ ژنانی تەنیا، دەبنە هۆی ئەوە کە زۆر لە ژنان بیانەوی کۆتایی بە دووگیان، بۆ لەبەربردنی کۆرپەکەیان مل بەوە دەدەن بچنە لای کەسانی ناشارەزا و لە هەل ومەرجی نابیهداشتی‌دا و بە دانی خەرجیکی

زۆر به لەبەرچاو گرتنی ئەم راستیەیه دەبی مافێ لەباربردنی کورپه، له حالەتیکدا مەترسی گیانی بو ژنەکه نەبی و تەمەنی کۆرپەکه له 16 حەوتوو تینەپەریبی، بۆ هەموو ژنان بەرەسمی بناسری و، لەبار بردنی کورپه نابەستریتەوه به ئیجازەی هیچ کەس و مەرجەعیك بێجگه له ژنەکه خۆی.

لەباربردنی کورپه دەبی له بیماربستانەکان و کلینیکەکان و به چاوەدیری پزیشکی شارەزا و، بەخورایی بکری ئەو کەسانەی بەبی شارەزایی پیویست دەست دەدەنه ئەم کارە، به تاوانبار دادەندرین و قانوون دەکەویته شوینیان.

## فەحشا

فەحشا شکلیکی ئەوستەمەیه که له کومەلگای سەرمایەداریدا له ژنان دەکری و، خەبات له دژی فەحشا بۆ وەدەست هێنانەوەی حورمەتی ئینسانی ژن له کومەلدا، مەسەلەیەکی حەیاتیەهەژاری و بیدەرەتانی کۆمەلایەتی و کوسپ و مەحدوودییەتی قانوونی و عەمەلی که لەسەر ریگای کار کردنی ژنان و سەربەخۆیی مالیان هەیه، لەپال فەرهەنگ و ئەخلاقیاتی پیاوسالارانه، له هویەکانی پیکهینان و پاراستن و پەرەپیدانی فەحشا له کۆمەڵگای ئیستا دان دەرمارگرژی و ئاموژگاری مەزهەبی، هەروەك تەجرەبەی جمهووری ئیسلامی له ئێران نیشانی داوه، بەبەهیز کردنی پیاو سالاری و چەسپاندنی جیگاو شوینی ژیردەستەی ژن، خۆی سەبەبکاری پەرەگرتنی فەحشایه له کۆمەلدا.

ریشەکیش کردنی فەحشا له گرەوی خەبات دژی هەموو ئەو هوکارانه دایه جگه لەوەش هەڵگرتنی ئەم هەنگاوانەش به خیرایی بۆ بەرانبەرکی لەگەل فەحشا پیویسته:

دەولەت ئەرکی سەرشانیەتی ژنانی قوربانیانی فەحشا له باری ئابوریەوه دابین بکا و ئیمکاناتی فیربوون و هەل ومەرجی دوزینەوەی شوغل و کارکردنیان بۆ ئاسان بکاتەوه دەولالەکان و کارگوزارانی فەحشا دەبی بکەونه بەر لیپرسینەوەی قانوونی و سزای قورسیان بۆ لەبەرچاو بگیری.

## کۆتایی هینان به ستەمی میللی و هەلاواردن به پیی میللییەت

ستەمی میللی یەکیك له شکلەکانی هەلاواردن و بی مافی حاکم له ئیرانه که دەبی لیبراوانه کوتایی پی بهیندری لەم رووەوه:

ئێمە خوازیاری بەرابەریی ماف میللەتانن هەلوەشاندنەوەی هەموو هەلاواردن و جیاوازییە قانوونی و عەمەلییەکانی دامەزرا و لەسەر بناغەی میللییەت، کوتایی هینان بە دەخالەتە بوروکراتیکەکانی دەولەتی مەرکەزی لە لایەنەکانی ژیانی خەلکدا، فەراهەم کردنی ئیمکانی پیکهاتنی ئورگانە دیموکراتیکەکانی دەسەلاتدارەتیی محەللی و هەلوەشاندنەوەی زمانی رەسمیی زورەملین و، لە دژی پیکهینان و هاندانی رقەبەری و دوژمنایەتیی میللی خەبات دەکەین.

ئێمە لە سەر ئەو بروایەین کە بەرژەوەندەکانی خەباتی پرولیتاریا بۆ کەیشتن بە سوسیالیزم، یەکانگیریی کردەوە و یەکیەتیی سیاسیی چینی کرێکاری ئێرانی پیدەوەی و، حیزبی کومونیستی ئیران بو دابین کردنی یەکگرتوویی چینی کریکاری ئیران لە هەموو بوار و مەیدانیکی خەباتدا، تیدەکوشی لەم رووەوەیە کە ئیمە ماف هەموو میللەتانی دانیشتووی ئیران لە دیاریکردنی چارەنووسی خودا، یانی ئازادییان هەتا سنووری جیابونەوەی کامل، بەرەسمی دەناسین لە هەمان کاتدا ئیمە خوازیاری یەکگرتوویی ئازادانە و دلخوازانەی هەموو میللەتانین و پیمان وایە ئەم یەکگرتنە بە قازانجی کومەلانی زەحمەتکیشە.

## ئاسوودەیی گشتی و بیمە کومەلایەتییەکان

بەمەبەستی بردنە سەری ئاستی فەرهەنگ و ئاسوودەیی گشتی کە لە جیی خۆیدا پەیوەست بوونی باقی زەحمەتکیشانی کۆمەل بە خەباتی چینی کریکارەوە بۆ رزگاری ئاسان دەکاتەوە، داوای وەدیهاتنی ئەم خالانە دەکەین:

1- بیمەی بیکاریی تەسەل، لەسەر بناغەی لانی کەمی حەقدەست بۆ هەرکەسیکی بیکاری تەمەن لە 18 سال بەرەوژوور،

2- دابین کردن و زەمانەت کردنی مەسکەنی موناسب (لەباری جیگاوریگا، ئیمکاناتی تەندروستی و خزمەتگوزاریی شارییەوە) بۆ هەموو دانیشتوانی ولات و، هەلگرتنی هەنگاوی دەس بەجی لەم زەمینەیەدا، لەم ریگایانەوە: دەست بەسەرداگرتنی هەموو زەوییەکانی بازرگانانی زەوی و شوینە ناپیویست و زیادییەکانی دەولەمەندان، بینای ئیدارە و دام و دەزگا دەولەتییە زیادییەکان و، راپەراندنی پروژەی کورت ماوەی خانوو دروست کردن لەو زەوییانەدا کە دەستیان بەسەردا گیراوە بە خەرجی دەولەت، بە رەزامەندی و بریاری ئورگانە دیموکراتیکەکانی خەڵك.

3- پاك و خاوینی و لەش ساغی و دەرمانی گشتی، بە خورایی و موناسب و، چەتری پزیشکیی خوسووسی.

4- خویندنی بەخورایی لە هەموو ئاستیکدا و بۆ هەموو کەس، ئیجباری بوونی خویندن هەتا تەمەنی 16 سالی و، بەرنامەدارشتنی بەپەلە بۆ ریشەکیش کردنی نەخویندەواری.
5- پیکهینانی ئیمکاناتی فەرهەنگی و ئاسوودە ژیان لە ناوچە بیبەشەکانی شارەکان و دیهات، وەك: بەرق، تەلەفون، لوولەکیشیی ئاوی خواردنەوە، ریگا، خویندنگا، دەرمانگا، وەرزشگا، سالونی کۆبوونەوە و هیتر، بە خەرجی دەولەت.
6- پیکهینانی بنکە و دامەزراوەی خزمەتگوزاری، بەتایبەت بۆ کەم کردنەوەی باری کاری ناومال، وەك جلشورخانە، باخچەی منالان و هیتر، لە گەرەکەکان و شوینەکانی نیشتەجی بوون.
7- دابین کردنی ژیان، ئاسایش، تەفریح و خویندنی مندالان لە لایەن دەولەتەوە، لە هەموو هەل ومەرجیکی ژیانی خانەوادەییان دا هەموو مندالان و تازەلاوانی تەمەن لە 18 سالْ کەمتر کە بەریچوون و گوزەرانیان دابین نابی و ئیمکاناتی خانەوادەییان نیە، لە ژیر سەرپەرستیی دەولەت دا دەبن.
8- دابین کردنی ژیان و ئاسوودەیی پەك کەوتەکان و پیکهینانی ئیمکاناتی پیویست بۆ خونیشاندانی کومەلایەتییان، لەلایەن دەولەتەوە.
9- دابین کردنی ژیان و ئاسوودەیی بەسالاچووان، بە شیوەیەکی شایستەی خۆیان و حورمەتی بەرزیان، لەلایەن دەولەتەوە.
10- هەلوەشاندنەوەی هەرچەشنە مالیاتیکی ناراستەوخۆ.
11- قەدەغە بوونی هاوسەریتی کوران و کچانی تەمەن بەرەوژوور بۆ پیکهینانی خانەوادە بە ئیرادەی خۆیان.

## پاراستنی ژینگە

حیزبی کومونیستی ئیران هەموو کانەکان، رووبارەکان، دارستانەکان و لەوەرگەکان بەسامانی گشتی دەزانی ئیمە خوازیاری پاریزگاری لە سەرچاوە تەبیعییەکان و ژینگە و، پیش گرتن بە تەبیعییەکان هەوای شوینی ژیانی و نیشتەجی بوون، بە تاوان دادەندری و تاوانباران سزا دەدرین.

## ناوەروکی لانی کەمی قانوونی کار و مافە کریکارییەکان

لەهەل ومەرجیکدا کە هیشتا نیزامی سەرمایەداری لەسەرکارە، دابین کردنی لانی کەمی بژیو و ئاسوودەیی کریکاران، لە گرەوی ئەوەدایە کە لەش بە کاری شەو و رۆژی و قورس و تاقەت

پرووکێن بسپێرن، که هێز و توانایی‌یان دەتوێنێتەوەو، ئیمکان و دەرفەتی گەشەی مەعنەوی و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی سیاسی و چینایەتی‌یان لی دەبری بۆیە ئیمە بۆ دابین کردنی ئاسوودەیی و تیروتەسەلی‌ی کرێکاران و بە مەبەستی پاراستنی چینی کرێکار لە تیداچوونی روحی و جسمی و، چوونەسەر توانایی‌یان لە خەباتدا بۆ رزگاری‌ی یەکجاری لە کوت وبەندی ستەم و چەوسانەوەی سەرمایەداری، وەدیهاتنی ئەم داخوازانە بۆ هەموو کرێکاران داوا دەکەین.

1- کەم کردنەوەی کاری هەفتانە بۆ لانی زۆر 35 سەعات و برینەوەی لانی کەم دوو رۆژ تەعتیلی لە سەریەك لە هەفتەدا، 30"رۆژگار" وچانی سالانە، بیجگە لە تەعتیلاتی رەسمی، بەدانی کری و مووچەی تەواوەوە.

2- دیاریکردنی لانی کەمی هەقدەستی رەسمی بە رەزامەندی‌ی نوینەرانی سەراسەری‌ی هەلبژاردەی کریکاران لە سەربناغەی خەرجی پیویستی‌یەکانی بەریچوون و ئاسوودەیی خیزانیکی 5کەسی و، زیاد کردنی هەقدەستەکان پی بە پیی چوونەسەری نرخی پیویستی‌یەکانی گوزران و بە لە بەرچاو گرتنی باشبوونی ئاستی ژیان.

3- دیاریکردنی حەقدەستن مەزایا و ماوەی پشوودان لە نیوان کاری رۆژانەدا بەپیی سەختی و مەترسی‌ی تەندروستی و باقی مەرجە فیزیکی یەکانی کار، بە پەسندی نوینەرانی هەلبژاردەی کریکاران.

4- قەدەغی‌بوونی دەرکردنی کریکاران لە لایەن خاوەنکارەوە و، ئەسپاردنی دوایین بریاری دەرکردنی هەر کاریکاریك بە کۆبوونەوەی گشتی‌ی کریکارانی ئەو بەشە چاوەدیری‌ی نوینەرانی هەلبژیردراوی کریکاران بەسەر دامەزرانی کریکاران دا.

5- قەدەغی بوونی هەرچەشنە زیدە کاری‌یەك.

6- قەدەغە بوونی شەوکاری (لەسەعات 10ی شەوەوە هەتا 6ی بەیانی ) لە هەموو بەشەکاندا بیجگە لەو بەشانە کە بەهۆی فەننی یان لەبەر بەرژەوەندی کومەلایەتی، شەوکاری تییاندا چارەهەلنەگرە دانی حەقدەست و مەزایای دوولانە بۆ کاری شەوانە، دانی حەقی شیفت بۆ نورەکاری.

7- قەدەغە بوونی هەرچەشنە کاریك کە تییدا بەپیی رادەی کار کری دەدری ( بە هەموو جۆرەکانی برەکاری و کاری کونتەراتی‌یەوە) و قەدەغە بوونی دانی حەقدەست بە شیوەی جنسی و غەیرەنەغدی.

8- قەدەغە بوونی هەرچەشنیکی جەریمە و داشکاندنی کری بیانووی جۆراوجۆر، دانی کری بۆ رۆژانی نەهاتنەوە سەرکاری موجە، دەورەی نەخۆشی و بە خوداهاتنەوەی رۆژانی مانگرتن و هەر کاتیك بەرهەم هینان بەهۆی جۆراوجۆریان بە بریاری خاوەنکار راوەستابی.

9- حیساب کردنی ماوەی نان خواردن، حەمام کردنی دوای کارو کاتی پیکهینانی کۆبوونەوەی گشتی و بەشداریی کرێکاران لە کلاسی فیربوونی خویندەواری‌دا، لە جوملەی سەعاتی کاری کرێکاران، دابین کردنی خەرجی هات وچو لە لایەن خاوەنکارەوە.
10-زەمانەت کردنی مەرجەکانی تەندروستی و لەش ساغی لەوشوینی کار و کەم کردنەوەی مەترسی‌یەکانی شوینی کار هەتا لانی کەمی مومکین، بەبی لە بەرچاو گرتنی تی‌بیذی‌ی قازانج پەرستانە چاوەدیری و معاینەی پزیشکی‌ی بەردەوام بەرانبەر بە مەترسی‌یەکان و نەخۆشی‌یەکانی سەرچاوەگرتوو لە نەوعی کاربەخەرجی خاوەنکاران و دەوڵەت.
11- بیمە کردنی کاملی کریکاران بەرانبەر بە سەدەمە و زیانەکانی کار، چ لە شوینی کار روودا و چ لە دەرەوەی بەبی ئەوەی کریکار پیویستی بە سەلماندنی خەتاو کەمتەرخەمی‌ی خاوەنکار یان بەریوەبەرایەتی‌ی بەشەکە هەبی بە خەرجی خاوەنکاران و دەولەت بە پیی بریار و چاوەدیری‌ی نوینەرانی هەلبژاردەی کریکاران بژاردنی زیان بۆ ئەو کریکارانە کە لە ئەنجامی کارەسات و زیانەکانی کاردا تووشی نەخۆشی و کەم ئەندامی دەبن یان توانایی کارکردن لە دەست دەدەن دانی مووچە و مانگانەی تەوانوی خانەنشینی بەو کریکارانە توانای کارکردنیان وەك وترا لە دەست دەدەن، هەلوەشانەوەی دانی حەقی بیمە لە لایەن کریکارانەوە.
12- کەم کردنەوەی لانی زۆری تەمەنی خانەنشینی بۆ 55سال یان پاش 25 سال پیشینەی کار و، دانی مووچە و مانگانەی تەواو بە کریکارانی خانەنشین لەلایەن دەولەتەوە، دانی مووچە و مانگانەی تەواوی خانەنشیذی‌ی کریکارانی وەفات کردوو بەو کەسانەی لەژیر سەرپەرستی‌ی ئەو کریکارەدا بوون، دارشتنەوەی مووچە و مانگانەی خانەنشینی پی‌بەپیی زیاد بوونی ئاستی حەقدەستەکان لەبەرچاوگرتنی هەموو سالانی کاری کریکاران لە کارخانەکان و یان دەورە جوراوجورەکان لە حیساب کردنی پایەی مووچە و مانگانەی کریکاراندا.
13- کیی یەکسان بۆ ژن و پیاو لەبری کاری یەکسان ئیمکان و دەرفەتی یەکسان لە دامەزراندا بە بی لەبەرچاو گرتنی جنسییەت، قەومییەت، میللییەت و....
14- قەدەغەبوونی ئەسپاردنی کاری قورس بە ژنانی دووگیان 16 هەفتە مولەتی دەورەی دووگیانی و زەیستانی بۆ ژنانی کریکا و لەسەرکار بە بی گل دانەوە لە مووچە و مانگانەیان دیاریکردنی دوو رۆژمولەتی مانگانەی زیادی بۆ ژنان بە مووچە و حەقدەستی تەواوەوە.
15- قەدەغە بوونی کار پیشەیی بۆ مندالان و تازەلاوانی تەمەن لە 18 سال کەمتر.
16- دابین کردنی پیویستی‌یەکانی ئاسوودەیی و پیویستی‌یە فەرهەنگی‌یەکان لە شوینی کار و گەرەکە سازماذی‌یەکانی نیشتەجی بوونی کریکاران، وەك: سالونی کۆبونەوە، سالونی حەسانەوە، خواردنگە، زەوی و سالونی وەرزش، باشگای تەفریحی شیر خورگە و باخچەی منالان، دەرمانگا، کتیبخانە و کلاسی فیربوونی خویندەواری بۆ گەورە سالان، بەخەرجی خاوەنکاران و دەولەت.

17- دارشتن و بەرێپوە بردنی ئایین نامەی ناوخۆی کارگاکان ناوەندەکانی بەرخەم هینان و ئابووری، بە پەسند و چاوەدیریی نوینەرانی هەلبژاردەی کریکاران.
18- پیکهینانی دادگای چارەسەر کردنی کیشەکان دەستەیەکی دادەوەرانەوە کە پیکهانبی لە نوینەرانی هەلبژاردەی کریکاران بۆ داوەری لەسەر کیشەی نیوان کریکار و خاوەنکار خەرجی پیکهاتنی دادەگاکان بە تەواوی لە ئەستوی خاوەنکاران دەبی.
19- پیکهینانی لیژنەکانی چاوەدیریی کریکاری کەلە لایەن کریکارانەوە هەلدەبژیردری ئەو لیژنانە لە چونیەتی بەریوەچوونی ئەم خالانەی سەرەوە لە هەموو بەشەکانیبەرهەم هینان وبەگشتیلە شوینی کاری کریکاران(لەوانە لە خەزمەتگوزاریی ناو مالان دەکولیتەوە و سەر حیسابیان دەبیتەوە.

* * *

حیزبی کومونیستی ئیران پەیگیرانە بۆ وەدیهاتنی ئەو ئال وگورانە لە ژیانی کۆمەلایەتیی کریکاران و جەماوەری بیبەش دا خەبات دەکا ئیمە لە هەموو خەباتیکی ئازادیخوازانە و حەقخوازانە لە دژی جمهووری ئیسلامی و لە هەر بزووتنەوەیەك کە خوازیاری نەمان و لە ناوچوونی شکلە جوراوجورەکانی نابەرابەری و هەلاواردنی جنسی، مەزهەبی، میللی، سیاسی، ئابووری، کومەلایەتی و فەرهەنگی بی، پشتیوانی دەکەین.
حیزبی کومونیستی ئیران لە هەر خەبات و حەرەکەتیکی کومەلایەتی و قەوارەیەکی سیاسی دا کە بەشیك لە ئامانجە سیاسییە راگەیەندراوەکەی بەدیبینی و ئیمکانی دەست راگەیشتنی بزووتنەوەی و هیزە کریکاریو سوسیالیستییەکان بە وەسیلەکانی دەسەلاتی سیاسی لە کومەلدا فەراهەم بکا، چالاکانە بەشداری دەکا.